(57) ساڵە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی لەخزمەتی خوێنەراندایە

کتێبخانەی گشتی سلێمانی، (57) ساڵە ماڵی خوێنەرانو رۆشنبیرانە، ئەم کتێبخانەیە لەو ماوە دوور و درێژەدا، فاکتەرێکی پۆزەتیڤانە بووە، بۆ کۆکردنەوەی خوێنەر لە دەوری کتێبەکانیو، رۆشنبیر کردنی نەوەکان.

کتێبخانەی گشتی سلێمانی، رووخسارێکی شارستانیو رۆشنبیریی شارەکەیە. بە تایبەتی لە رۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا، پەرەپێدانو گەشە کردنی ئەم کتێبخانەیە، بۆتە پێداویستییەکی بەرچاو، چونکە زۆربەی خوێنەران لەتوانایاندا نییە، ئەو کتێبو گۆڤارو رۆژنامانەی دەردەچن، بکڕنو لە کتێبخانەی تایبەتی خۆیاندا بیپارێزن. لەبەر ئەوە ئەم کتێبخانەیە ئێستا زیاتر بایەخی خۆی دەردەخات.

سلێمانیش وەک شارێکی رۆشنبیران ناسراوە و، جێگای چەندان شاعیرو نووسەری گەورەی گەلەکەمان بووە، بەڵام بەداخەوە، کەچی ئێستا کتێبخانە گشتییەکەی ئەم شارە، هەر هەمان ئەو کتێبخانەیەیە، کە ساڵی چلەکان دروست کراوە.

دروستکردنی ئەم کتێبخانەیە لەو کاتەدا، بە رێژەی دانیشتوانی شارەکەو رێژەی خوێندەوار انو رۆشنبیران پێوانە کراوە، بەڵام پاش تێپەڕبوونی 57 ساڵ بەسەر دروستکردنیداو، تێپەڕبوونی سەدەیەک، ئایا دەگونجێ ژمارەی ئەوسای دانیشتوانو خوێندەوارانو رۆشنبیرانی شاری سلێمانی بەراورد بکرێ بە ئێستا، لە رووی چەندایەتیو چۆنایەتیشەوە.

لەبەر ئەوە پێویست دەکات، ئەو کتێبخانەیە فراوان بکرێ لە هەموو رویەکەوە، شوێنی پاراستنی کتێبەکان لە رووی ژمارەی کتێبەکانەوە بچووکە، لە هۆڵی خوێندنەوە جێگای ژمارەیەکی کەم لە خوێنەران دەبێتەوە، وەرگرتنی کتێبیش لەسەر هەمان شێوازی کۆن پیادە دەکرێ، کە هەم کاتی زۆرو هەم هیلاکی زۆری دەوێ.

ئەمە جگە لەوەی زۆربەی زۆری ئەو فەرمانبەرانەی لەم کتێبخانەیەدا کاردەکەن مووچەیەکی هێندە کەمیان هەیە کە بەشی چەند رۆژێکیان ناکات، ئەمەش پێویستی بە لەبەرچاو گرتن هەیە، چونکە ئەو فەرمانبەرانە وەک سەربازێکی ون ئەو رووە جوانەی شارەکەمانیا ن پاراستووەو بەردەوامیش خزمەتی خوێنەران دەکەن.

ئا/ شۆڕش

بۆ ئەوەی مێژووو خزمەتی ئەو کتێبخانەیە بخەینە بەرچاوو، لەهەمان کاتیشدا لێپرسراوان ئاوڕێکی جیددی لەم کتێبخانەیە بدەنەوەو، لەکارو ئیشەکانی کتێبخانەکە ئاگادار بن، چاومان بە لێپرسراوانی کتێبخانەکەو چەند خوێنەرێك کەوت:

سەرەتا لێپرسراوی گشتی کتێبخانە بەڕێز (یاسین قادر بەرزنجی) وتی:

کتێبخانەی گشتی سلێمانی ساڵی 1944 دامەزراوە. لەو ساڵەدا پیرەمێردی نەمر، پیرەمێردی شاعیرو رۆژنامەنووس، لە رۆژنامەی ژیاندا کە خۆی دەری کردووە، نووسیویەتی کەکتێبخانەیەکی گشتی بۆ شارێکی وەکو سلێمانی زۆر پێویستە، حکومەتی ئەو سەردەمە، کتێبخانەکەی دامەزراند، کە سەر بە وەزارەتی (معاریف) بووە، پاشان لە ساڵی حەفتاکاندا، چۆتە سەر وەزارەتی ناوخۆو، لەدوای راپەڕینیشەوەو، پاش پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کتێبخانە گشتییەکان گوێزرانەوە، بۆ سەر وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستان.

وەزارەت ئەوەندەی پێی کرابێ هاوکاری کردووین، هەروەها چەند لایەنو خێرخوازێکی گەلەکەمان، چاپکاری نوێو گۆڤارو بڵاوکراوەیان بۆ ناردووین، لێرەدا، زۆر سوپاسی کۆمەڵەی منداڵ پارێزی کوردستان دەکەین کە لە چەند ساڵی رابوردوودا، بەشی منداڵانیان بوژاندنەوەو، هاوکاری پێشانگەی ساڵانەی (منداڵو هونەر) یان کردین، کە ئەمساڵ سێیەم ساڵ بوو کرایەوە. سوپاسی دەزگای ناوەندی راگەیاندنو سەرجەم ئەو گۆڤارو رۆژنامانە دەکەین کە دیاری پێشکەش بە کتێبخانەکەمان دەکەن.

*ئایا جگە لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی، کتێبخانەی دیکە هەیە لە شارۆچکەکان؟

-ئێمە سێ لقمان هەیە:

1.رانیە: کە کتێبخانەیەکی باشەو کەم وکورتیی کەمە.

2.کتێبخانەی قەڵادزێ: هیوادارین ئەمساڵ کتێبخانەی قەڵادزێ دروست کردنەوەی تەواو بکرێ.

3.دوکان: شوێنەکەی زۆر بچووکە، بە هیواین لە داهاتوودا، یا بینایەکی بۆ دروست بکرێ، یا شوێنێکی بۆ تەرخان بکرێ.

*ئایا بیرتان لە گەشەدان بە کتێبخانەکە نەکردۆتەوە لە رووی بینا و کادیری پسپۆڕو کتێبی نوێوە؟

-وەك بڕیار دراوە، بە هیوایین لە قۆناغەکانی جێبەجێ کردنی بڕیاری (986) کتێبخانەیەکی گشتی گەورەی تر لە شاری سلێمانی دروست بکرێ، هەروەها بە بڕیاری سەرۆکی حکومەت، لەم ساڵەدا (2001) چەند کتێبخانەیەك لە گەڕەکەکانی شاری سلێمانیدا بکرێتەوەو ببەسترێنەوە بە تۆڕی ئەتەرنێتەوە، بۆ ئەوەی خوێنەران سودیان لێ ببینن، جگە لەوانە ئێمە بە هیوایین بەشی کتێبخانەکان لە پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی بکرێتەوە، بۆ پێگەیاندنی کادیری پسپۆڕ لە بواری کتێبخانەکانو کاری ئەرشیڤو بیبلۆگرافیادا، هەروەها پۆشتەکردنەوەی کتێبخانەی سلێمانیو لقەکانی ئاواتێکی گەورەی ئێمەیە، بەقەد ئەوەش گرنگ هێنانی کتێبو گۆڤارو رۆژنامەی نوێیە، کە سەرچاوەی بە پێزن بۆ خوێنەران.

*هەوڵێك دراوە، بۆ زیادکردنی مووچەی فەرمانبەرانی کتێبخانەکان؟

-هیوامان زۆرە بۆ ساڵی 2001، بە تایبەت بڕینەوەی دەرمالە بۆ کارمەندانی بواری کتێبخانەکان، چونکە تەنها دەرچووەکانی بەشی کتێبخانەکان، بە بڕیارێکی حکومەت ئەو دەرمالەیەیان بەرکەوت، کە تەنها سێ فەرمانبەر لای ئێمە بەرکەوتن، کە ناونیشانی ئەمینداری کتێبخانەیان هەیەو، دەرمالە گرتونیەتەوە، ئەمساڵ بە هیوایین سەرجەم ئەو فەرمانبەرانەی کاردەکەن لە کتێبخانەدا، دەرمالەیەکیان بۆ ببردرێتەوە بە پێی توانای حکومەت، چونکە بوارەکە گرنگەو بۆ خۆتان دەزانن ماندووبوونو دەست رەنگینیی پێویستە.

ئاواز عەتا ساڵح ـ ئەمینداری کتێبخانەو لێپرسراوی بەشی پۆلێنو پێترست:

*ئایا جۆرەکانی کتێب لە بوارە جیاجیاکاندا بە چ شێوەیەك ریزکراون؟

-کتێب لە کتێبخانەدا بە شێوەیەکە، کە دەکرێ بە (10) بەشەوە، ئەو (10) بەشەش دەکرێ بە (10) بەشی کەوە...هتد. بۆ نموونە_ بواری فەلسەفە ژمارەی (100) وەردەگرێو پاش ئەوە، بواری فەلسەفە دەبێت بە (110- 120- 130...هتد.

کتێبە فەلسەفییە سەرەتاییەکان دەچنە بەشی یەکەم (110).

پاشان فەلسەفەی ئیسلامو لە نێو خۆی خۆشیدا مەزهەبو عەقیدەو... لە نێو ئەو دەیەی فەلسەفەی ئیسلامدا دەنوسرێ.

گەر فەلسەفەی ئیسلام (120) بێت ـ ئەوە فەلسەفەی ئیسلام لە سەردەمی کۆندا دەبێ بە (121) _ لە سەردەمی نوێدا (122)ـ تێروانینی فەیلەسووفەکان لەسەر ئیسلام (123) ...هتد.

سەرەتا کتێبەکان پێرست دەکەین، بە پێی جۆری کتێبەکە، دوای ئەوە ریزیان دەکەین بە پێی بابەتەکان، ئینجا ژمارەی تایبەت دەدرێ بە کتێبەکانو لە فایلی گشتیدا تۆمار دەکرێن. دوای ئەوە مۆریان لێ دەدرێو ژمارە دەخرێتە سەر کتێبەکان، لەسەر فایلیش تۆمار دەکرێو کارتیان بۆ دەکرێ، پاشان دەچنە پێشانگەوە بۆ پێشاندان، تا خوێنەر بزانێ چیمان پێ گەیشتووە لە کتێبی تازە. بەڵام ئێستا وەك قۆناغێکی نوێ لە کۆمپیوتەردا تۆماریان دەکەین، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بە لیستێکی رێكو پێك بچنە بەردەستی خوێنەر.

*ئایا چەند شێواز هەیە بۆ پۆلێن کردنی کتێب؟

-دوو شێوە سەرکەوتووە، بۆ پۆلێن کردنی کتێب لەجیهاندا، ئەویش پۆلێن کردنە لەسەر بنەمای دیویو دەیی.

دیوی کە خۆی زمانەکەی (E) بووە، ئینگلیزی پێش خستووە، بەڵام عەرەب هاتوون گۆڕانکارییان تیاکردووەو، عەرەبییان پێش خستووە، وەك زمانو ئەدەبو مێژوو.

لە کوردیشدا ئەگەر ئەم گۆڕانکارییە بکرێ، سەرکەوتوو دەبێ.

*ژمارەی کتێبەکانی کتێبخانە چەندە، چەند کتێبی کوردیو زمانەکانی دیکەتان هەیە؟

(5396) کتێبی کوردی
(21859) کتێبی عەرەبی
(2706) کتێبی ئینگلیزی
(304) کتێبی فارسی
(1524) کتێبی خوێندنەوەی منداڵان کە پێك هاتووە لە (753) کتێبی عەرەبی (651) کتێبی کوردیو (109) فارسیو زمانەکانی دی.
(14) کتێبخانەی تایبەتمان هەیە، کە پێك هاتوون لە (9066) کتێب.

کتێبخانەکانی (تۆفیق وەهبی، رەشید نەجیب، جەمشید فوئاد، عەبدوڵڵا جەوهەر، شاکر فەتاح، محەمەد عەلی فەرەج، عومەر عەبدولرەحیم، نوری کەریم، موسلیح مستەفا جەلالی، عەبدوڵڵا ئاگرین، حاکم ئیبراهیم، عومەر محەمەد ساڵح، حسێن بەفرین، کەمال جەلال غەریب)ن کۆی گشتی کتێبەکانمان (41555) کتێبە.

*لە بواری کارکردنتاندا چ گرفتێکتان هەیە؟

-پێش ئێمە کۆمەڵێك کاریان کردووە کەدەرچووی بەشی کتێبخانەکان نەبوون، لەبەر ئەوە تۆمارکردنەکانیان لەسەر بنەمای (دیوی ـ دەیی) نییەو، کتێبەکان بۆ شوێنی خۆیان پۆلێن نەکراون، ئێستا رۆژانە لە چاك کردنەوەو رێك خستنەوەی ئەو کتێبانە داین. کارتەکانیش هەمان هەڵەیان تیایەو دەبێ چاك بکرێنەوە.

*چەند فەرمانبەر لەم بەشەدا کاردەکەنو مووچەتان چەندە؟

-لەم بەشەی ئێمە 9 فەرمانبەر کاردەکات، زۆرترین موچەیان (350) دیناروە کەمترین (150) دیناره، زۆربەمان بە دوو پاس هاتووچۆ دەکەین.

تەیب محەمود دەرویش _ بەرپرسی پێرستو پۆلێن کردن (فەهرەستو تەصنیف):

*ئەوکارتانەی ئێوە ئامادەیان دەکەن تا چ رادەیەك کارئاسانی بۆ خوێنەر دەکات؟

-ئەو کارتانە بۆ ئەوەن کەخوێنەر بە ئاسانترین رێگاو کەمترین کات ئەو کتێبەی دەیەوێ دەستی بکەوێ، ئەو کارتە زانیاری تیایە لەبارەی نووسەرو ناونیشانی کتێبەکەو ژمارەی چاپو شوێنی بڵاوکردنەوەی و لەگەڵ ئەو دەزگایەی کە بڵاوی کردۆتەوەو لەگەڵ ساڵی بڵاوکردنەوەکەی و ئەو کتێبە لە چەند بەش پێك هاتووە، ژمارەی لاپەڕەکانی دیاری دەکرێت، هەندێ زانیاریی تیایە بۆ روونکردنەوەی زیاتر، ئەگەر وێنەی تیابێ یا هەر شتێکی کە لەناو کتێبەکەدا هەبێ تۆماری دەکەین لەگەڵ قەبارەی کتێبەکە.

پێویستمان بەسەرچاوەی نوێ هەیە لەبارەی ئەو پۆلێن کردنە نوێیانەی کە لە کتێبخانە جیهانییەکان بەکار دەهێنرێن.. کە بکرێتە سەر زمانی کوردی، بۆ رێکخستنی کتێبخانەکانمان.

جگە لەوە کەمیی کادیری پسپۆڕ لە بوارەکەدا، کە ئەمەش کێشەیەکە، کەمیی کادیر وای کردووە کە کارەکان باش بەرێوە نەچن.

هەروەها مووچەی فەمانبەران زۆر کەمە هەندێکیان (150) دینار مووچە وەردەگرن، یەکێك لە کارمەندەکان، کە (15) ساڵ خزمەتی هەیە تەنها (232) دینار وەردەگرێ.

فەوزیە ساڵح عەبدوڵڵا _ لێپرسراوی بەشی رۆژنامەو گۆڤارەکان:

*ئەم بەشە رۆژانە کاری چییە؟

-ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی کە رۆژانە دەردەچن، ئەگەر بە کڕین بێت یان بە پێشکەش کردن، رۆژانە دەگەنە لامان، لێرە پارێزگارییان لێ دەکرێو دەخرێنە بەردەمی خوێنەرانو کە زۆریش دەبن بەرگ پۆش دەکرێن.

ئێمە بە تایبەتی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانە دەکڕین کە لە هەولێرو بەغدا دەردەچن.

*کێشەکەتان چییە لەم بەشەی خۆتان؟

-کێشەمان لەگەڵ خوێنەردا هەیە، چونکە شوێنی تایبەتی گۆڤارو رۆژنامەکان تێك دەدەنو سەربەخۆ دەسکارییان دەکەن.

جەبار عوسمان محەمەد _لێپرسراوی بەشی هۆڵی خوێندنەوەی منداڵان:

*بەگشتی ئەم بەشە چ خزمەتێك بە منداڵان دەگەیەنێو کەمو کورتییەکانتان چییە؟

-ئەم بەشەی ئێمە تایبەتە بە منداڵان، زیاتر قوتابییانی سەرەتایی دێن، ئێرە پێك هاتووە لە دوو بەش، بەشێکی نیگارکێشانو بەشێکی خوێندنەوە. ئەو بابەتانەی لێرە دەستدەکەون، زیاتر گۆڤارو چیرۆکو شیعرن، کە لەناو خۆدا، دەردەچن. خەڵکێکی دڵسۆز لە دەرەوە، جارجار ئەو نامیلکەو بڵاوکراوانەی لەسەر منداڵ دەردەچن بۆمان دەنێرن.

لێرە زیاتر پشت بەسەر چاوە کوردییەکان دەبەستین، بەڵام ئەو سەرچاوانە کەمن، منداڵیش کە دێت بە رۆژێك چەند سەرچاوەیەك دەخوێنێتەوە، لەبەر ئەوە منداڵ پاش ماوەیەك بێتاقەت دەبێو بابەتەکان لەلای کۆن دەبن، لە بواری زانستیشدا بابەتمان زۆر کەمە، گەر هەشبێ بە زمانی عەرەبییەو منداڵان تێی ناگەن، هاندەرێکیش نییە کە ئەو بابەتە زانستییانە وەرگێڕێ بۆ سەر زمانی کوردیو پاشان لە چاپ بدرێ.

براەدەرێك بەناوی شێرزاد لەدەرەوە، تەلەفزیۆنو ڤیدیۆیەکی بۆ ناردووین لەگەڵ چەند کاسێتی دیکە، کە کۆمەکیان کردووین بە بەکرە (کاسێت). ئەم بەشە سوودی زۆری بە منداڵان گەیاندووە. بەڵام بۆ پەرەپێدانی ئەم بەشەو بەشەکانی کەش پێویستمان بە پارە هەیە، لەبەر ئەوەی بەشی منداڵان (بودجە)ی نییە، ناتوانێن کاسێتی ڤیدیۆ بکڕینو پەرە بە بەشەکانی ئەم هۆڵە بدەین.

چەند کەنالێك یارمەتی داوین وەك کەناڵی گەلی کوردستانو تەلەفزیۆنی ئازادیو تەلەفزیۆنی خاك، کە بەشداریان کردووین بە بابەتی منداڵان.

لەگەڵ ئەوەش زۆر شوێن هەیە، کە کتێبو چاپکراوەی منداڵان چاپ دەکەن، بەڵام بۆمان نانێرن، ئێمەش ناتوانێ بیکڕین.

پێویستە چاپخانەیەکی تایبەت هەبێ بە چاپ کردنی ئەو بابەتانەی بواری منداڵان.

هەندێ زانیاریی گشتی لەسەر کتێبخانەی گشتی سلێمانی

ژمارەی ناونیشانی گۆڤارو رۆژنامەکان:

1.کۆی جۆری رۆژنامەکان (بەناونیشان) _ 289

2.کۆی جۆری گۆڤارەکان (بەناونیشان) _ 557

3.کۆی جۆری گۆڤاری منداڵان (بەناونیشان) _44

لە ساڵی 2000 دا:

1495 کتێبی نوێ خراوەتە کتێبخانەوە.

1841 رۆژنامەی نوێ خراوەتە کتێبخانەوە.

162 گۆڤاری نوێ خراوەتە کتێبخانەوە.

416 کتێبو نامیلکەو گۆڤاری منداڵان خراوەتە کتێبخانەوە.

لە ساڵی 2000دا ژمارەی هاموشۆکەرانی کتێبخانەی گشتی واتە ئەو خوێنەرانەی لە ساڵی رابوردوودا سەردانی کتێبخانەیان کردووە:

13752 خوێنەری کوڕ سەردانی کتێبخانەکەیان کردووە.

8326 خوێنەری کچ سەردانی کتێبخانەکەیان کردووە.

915 خوێنەری منداڵی کوڕ سەردانی کتێبخانەکەیان کردووە.

1096 خوێنەری منداڵی کچ سەردانی کتێبخانەکەیان کردووە.

لە ساڵی 2000دا :

149 کتێب بەرگیان تێگیراوە.

210 گۆڤارو رۆژنامە بەرگی تێگیراوە.

لە ساڵی 2000دا: ئەو کتێبو گۆڤارو رژنامانەی بە دیاری نێردراون بۆ کتێبخانەی شارۆچکەکانی سەر بە پارێزگاری سلێمانیو کەرکوکو هەولێر لە کتێبخانەی گشتی سلێمانییەوە.

1153 کتێب بەدیاری نێردراون.

506 گۆڤار بەدیاری نێردراون.

1159 رۆژنامە بەدیاری نێردراون.

100 نامیلکەی منداڵان بەدیاری نێردراون.

217 گۆڤاری منداڵان بەدیاری نێردراون.

لە ساڵی 2000دا ئەو کتێبو گۆڤارانەی بە دیاری بۆ هەولێرو دەرەوەی کوردستان نێردراون:

61 کتێب بۆ کتێبخانەی گشتی هەولێر نێردراون.

55 گۆڤاری هەمەجۆر بۆ کتێبخانەی گشتی هەولێر نێردراون.

49 کتێب بۆ زانکۆی سەلاحەدین نێردراون.

13 گۆڤارو رۆژنامە بۆ زانکۆی سەلاحەدین نێردراوە.

6 کتێبو گۆڤار بۆ کتێبخانەی زانکۆی سلێمانی نێردراوە.

4 کتێبو دوو گۆڤار بۆ کتێبخانەی ئەوقاف نێردراوە.

2 کتێبو دوو گۆڤار بۆ کتێبخانەی متحف نێردراوە.

40 کتێبو 16 گۆڤار بۆ ستۆکهۆڵم نێردراوە.

18 گۆڤار بۆ لەندەن نێردراوە.

10 گۆڤار بۆ هانۆڤەر نێردراوە.

41 کتێبو گۆڤار بۆ مەڵبەندی رۆشنبیری کوردەکانی روسیا نێردراوە.

4 کتێب بۆ کتێبخانەی ئۆسلۆ نێردراوە.

نەبوونی موەلیدەی حکومیو کێشەی موەلیدە ئەهلییەکان

ئا/ هیوا مستەفا

زۆربەی دانیشتوانی گەڕەکەکانی شاری هەولێر خەڵکی هەژارو کەم دەرامەتن، هەر گەڕەکەو بە دەست کۆمەڵێك گیرۆگرفتەوە دەناڵێنێ کە پەیوەستە بە ژیانی رۆژانەیانەوە یەکێك لەو کێشانە کاربایە کە سەرچاوەیەکی گرنگی ژیانی مرۆڤە. دیارە ماوەیەك بەر لە ئێستا لە رێگای بڕیاری 986وە چەند موەلیدیەکی حکومی بۆ گەڕەکەکانی شاری هەولێر دابین کران کە جێگای دەستخۆشی بوو، کەچی خەڵکێکی زۆریش لەم بەشە کاربایە بێ بەش بوو لە هەمان کاتیشدا ئەو گەڕەکانەی کە موەلیدەی ئەهلیان تێدایە ئەوانیش کۆمەڵێك گیرو گرفتیان هەیە بۆیە بە پێویستمان زانی راپۆرتێك لەسەر هەندێك لە گەڕەکەکان ئامادە بکەین.

سەرەتا کامەران مەجید دەڵێ: ئێمە دانیشتوی گەڕەکی گوڵانین لە بەرامبەر شێخ ئەحمەد بە دەست کۆمەڵێك گیرۆگرفتەوە دەناڵێنین یەکێك لەوانە کە تاکو ئێستا موەلیدیەکی حکومیمان بۆ دابین نەکراوە لە هەمان کاتدا ئەو موەلیدە ئەهلییەی کە لە گەڕەکەکەمانە دەتوانم بڵێم دوو گڵۆپی پێ بە کار ناکەوێت کەچی بەناوی سێ ئەمپێر دەدرێ هەر ماڵێك (150) دیناری لێ وەردەگیرێ، بۆیە داوا دەکەین چارەسەرێکمان بۆ بدۆزنەوەو موەلیدیەکی حکومیمان بۆ دابین بکرێت چونکە گەڕەکی ئێمەش چ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو گەڕەکانەی کە موەلیدیان بۆ دابین کراوە.

سەردار حسێن/ ئەوەی راستی بێت کوروان گەڕەکێکە لە زۆربەی خزمەتگوزارییەکان بێ بەش کراوەو هیچ سودیشی لە بڕیاری (986) وەرنەگرتووە، ئەم گەڕەکە خاوەن بنکەیەکی تەندروستی نییە هەروەها قوتابخانەیەکی تێدا نییە، دایەنگاو باخچەی ساوایانی تیا نییە، سەریاری هەموو ئەمانەش لە کاربای حکومیش بێ بەشین، بە داخەوە وەزارەتی پیشەسازیو وزەو بەرێوەبەرایەتی کاربای هەولێر دەبوایە لەپێش هەموو گەڕەکێکەوە ئەم گەڕەکەیان لەبەرچاو بگرتایە، چونکە خەڵکەکەی زۆر بە زەحمەت پارەی کاربایان پێ دەدرێ بۆیە ناچارین لە هەزاری سێیەمو چەرخی زانستو تەکنەلۆژیادا بە دیار فانۆسو مۆمەوە دانیشین.

هەر لە گەڕەکی کوران هاوڵاتی ئیسماعیل محەمەد کەریم دەڵێت:

هەموو ئەو گەڕەکانەی کاربایان بۆ دابینکراوە خەڵکەکەی لە خەڵکی گەڕەکی کوران هەژارو کەم دەرامەتتر نین، بەڵام نازانم لەسەر چ بنەمایەك بە چ مەبەستێك کاربای موەلیدە حکومییەکان بۆ ئەم گەڕەکە پشت گوێ خراوە، ئێستا من سێ ئەمپێری کاربام راکێشاوە ئەگەرچی پارەکەم پێ نادرێ بەس خواخێری براکانم بنوسێ کە هەریەکەو (25) دینارم لە جیاتی دەدەن تا پارەی موەلیدەکە تەواو دەکەم ئەوە سەرەرای ئەوەی کە خاوەن موەلیدەکەمان بە ئارەزووی خۆی بەبێ ردوچاوکردنی یاسای بەرێوەبەرایەتی کاربا رۆژانە زیاتر لە چارێکە سەعاتێك کاربا لەکاتی دیاری کراو دوادەخات جا تکایە خەمێکمان لێ بخۆن، داوادەکەین هەولێ بدەن کاربای حکومیمان بۆ دابین بکەن سوپاس بۆ ئێوەش.

مەغدید ئەحمەد، دانیشتوی گەڕەکی کرێکاران پشت نەخۆشخانەی شەهید محمد باجەڵان:

لای کەس شاراوەنییە، کاربا واتە شارستانییەتو، پێشکەوتن، نەبونیشی واتە پێچەوانەکەی!

دیارەکە گەڕەکی کرێکارانیش بەکێکە لەو گەڕەکە هەژارنشینانەی لەگەڵ کۆمەڵێك گیرۆگرفت بێ بەشین لەکاربای حکومی، بۆیە داوا دەکەین ئەو سکاڵایەمان بخەنە بەرچاوی بەرپرسان بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت گەڕەکی ئێمەش وەکو گەڕەکی دۆڵاراوە سەیر بکرێ!!

باوکی شەپۆل لە گەڕەکی رزگاری (کوران) نزیك مزگەوتی ئیسماعیل یەعقوبی دەڵێت: گەڕەکی کوران یەکێکە لە گەڕەکە دێرینەکانی شاری هەولێرو زۆربەی پێکهاتەی خەڵکەکەی کاسبکارن، فەرمانبەرن، خەڵکێکن داهاتیان سنوردارە بۆیە دانانی موەلیدیەکی حکومی کەمێك لە مەینەتییەکانمان کەم دەکاتەوە، چونکە ئێمە کێشەیەکی زۆرمان بە دەست موەلیدی ئەهلییەوە هەیە کە بۆ هەر ئەمپێرێك (50) دینار وەردەگرن کاربا لەکاتی دیاریکراو نادەنەوە، موەلیدەکە زۆر زوو لەکار دەکەوێت کاتێکی زۆری پێ دەچێ تا چاك دەکرێتەوە بۆیە دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ هەموو کەسێك مافێکی ئاساییە.

باوکی رێزین کە گەڕەکی نەورۆز دەڵێت: تا ئێستا موەلیدی حکومی بۆ گەڕەکی نەورۆز دانەنراوە، موەلیدی ئەهلیش خۆتان دەزانن وزەعی چۆنە، خەڵکی هەژارش لە توانایدا نایێت خانوی کرێو پارەی ئاورو کاربا بدات بۆیە داوا دەکەین هەرچی زووە ئاورێك لە گەڕەکی نەورۆز بدەنەوە.

بۆ ئەم مەبەستە سەردانی بەرێوەبەرایەتیی کاربای هەولێرمان کردو سەرەتا پرسیارێکمان لە بەرێز عزەدین نوردین بەرێوەبەری کاربای هەولێر کرد، زۆر لە گەڕەکەکان سکاڵا دەکەن کە تاکو ئێستا موەلیدی حکومیمان بۆ دابین نەکراوە، ئێوە بەرنامەتان چییە لەم رووەوە؟

-سەبارەت بەو گەڕەکانەی کە تاکو ئێستا موەلیدی حکومییان بۆ دابین نەکراوە ئێمە سەرەتا (214) موەلیدەمان هێنا بە سەرپەرشتی لیژنەیەکی بالا بەسەر گەڕەکەکاندا دابەشمان کرد کە ئەمەش بەشی پێویستی 20٪ی خەڵکی هەولێر ناکات واتە خەڵکێکی زۆر لێی بێ بەشە، ئەوەش مانای ئەوە نییە کە خەڵك بێ ئومێد بێت، ئێمە لە هەولێ دایین ئێستا وەکو وەجبەی دووەم داوای (335) موەلیدی تر کراوە لەلایەن رێکخراوی (UNDP)یەوە، لە هەمان کاتدا ئەوە ناگەیەنێ کە لە کێشەی بێ کاربایی رزگارمان دەبێت چونکە هێشتا لە 65٪ خەڵکی بێ بەش دەبێت ئێمەش لە هەوڵە کامانداە بەردەوام دەبین.

*ئایا هیچ لیژنەیەکی چاودێری هەیە لەسەر موەلیدەکان سەبارەت بە ڤۆلتییەو ئەمپێر کە ئەو بڕەی دیاری کراوە بە تەواوی دەدرێت؟

-سەبارەت بە چاودێری ئێمە لیژنەیەکمان هەیە کە من سەرۆکی لیژنەکەم لەگەڵ قائمقامییەت سەبارەت بە چاودێری من لێرەدا دەڵێم لەوە بەرپرسیارم کە کەسێك هاتبێت سەبارەت بە کێشەیەك ئێمە پێشوازیمان لێ نەکردبێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەولێر شارێکی گەورەیە ئاسان نییە بە هەموو کونو کەلەبەرێکی بگەین بۆیە ئەوانەی کێشەیان هەیە لە هەر گەڕەکێك دەرگامان والایە. هەر لەسەر ئەو کەموکوورییانە زیاتر لە (50) خاوەن موەلیدەمان دەستگیر کردون زیاتر لە (150)ی تریش غەرامە کراون، بەردەوامیش دەبین لەپێناوی زیاتر خزمەتکردنی هاوڵاتییان.

پاشان چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەرێز نەوزاد محەمەد عەزیز لێپرسراوی بەشی موەلیدە ئەهلییەکان کرد.

*زۆر لە موەلیدەکان لەکاتی دیاری کراودا بەگەڕ ناخرێن؟ گەر گلەییش بکرێت بە وشەیەك وەڵامی دەدرێتەوە کە (دەتوانی خەتەکەت لێ بکەیتەوە) ئێوە ئیجراتاتتان چییە؟

-راستە هەندێ خاوەن موەلیدە هەن کە ئیلتزام بە کاتەکان ناکەن ئێمە لیژیسنەوەیان لەگەڵدا دەکەین چونکە کاتی دیاریکراو لە 6.30 دەقیقەی بەیانی تا (8) بۆ ئەوەی قوتابییان و مامۆستایان و فەرمانبەران سوودی لێ وەربگرن ئێواران لە 4.30 دەقیقە تا (12)ی شەو بەردەوام دەبێت. خاوەن موەلیدەش ناتوانێ خەتی هیچ کەسێك بڕێت، ئێمەش بەرپرسین لەوەی کە ئیجراتاتیان لەگەڵ بکەین هاوڵاتیش سەرپشکە لەوەی کە چەند ئەمپێری دەوێ چونکە هاوڵاتی هەیە پێویستی بە (2) ئەمپێرە هەیە پێویستی بە (3) ئەمپێرە.

*لە کاتی لەکارکەوتنی موەلیدەکان چاککردنەوەی زۆر دوادەکەوێت هەندێ لە لیژنەکانی بە داداچوونیش لە گەڕەکەکان کارەکانی خۆیان بە تەواوی ناکەن؟

-لەکاتی لەکارکەوتنی موەلیدەکان پێویستە بە زووترین کات هاوڵاتییان ئاگادارمان بکەنەوە چونکە لەو کاتەی کە موەلیدەیەك لەکار دەکەوێ ئێمە خاوەن موەلیدەکە ئاگادار دەکەینەوە مۆڵەتی چاککردنەوەی پێ دەدەین جا گەر لە کاتی دیاریکراو چاکی نەکردەوە ئێمە غەرامەی دەکەین بەبڕی (500) دینار.